# وەفاتی بارزانی

ئامادەکردنی دەزگای رۆشنبیری و راگەیاندنی لقی 21

چاپی سێیەم

ئازاری/ 2012

زنجیرە ( 22 )

## دوارۆژەکانی ژیانی بارزانی

که دەستم دایه نوسینی بەشی سێیەم و دوایی مێژووی شۆرشە مەزنەکەی گەلی کورد بەسەرکردایەتی و پێشەوایەتی بارزانیی سەرکردەی شۆرش ، تا ماوەیەك دوودڵ بووم لەوەی ئاخۆ باسی دوا دیمەنی شۆرش بکەم یان نا که دیمەنێکه به جۆرێکی تایبەتی و زۆر کاریگەره له دەروونمدا ، له سەرەتادا زۆر دوودڵ بووم ، بەلاّم سەرەنجام ئەو ئەوەی دوودڵیەکەی لەلا نەهێشتم ئەمەبوو هەستێکی زاڵم بەوە کرد که پێویسته خوێنەران و بەتایبەتی ئەوانەی باوەریان به پەیامی بارزانی و به سەرکردایەتی ئەو هێناوە و هاوبەشی خەباتی بوون ، لەو وردەکاریه به ئاگابن که من بۆخۆم به حوکمی ئەوەی لەو ماوه خەمگینەدا لەگەلی بووم . لێی به ئاگا بووم ، بۆ ئەوەی هەلێکی گەوره له کیسی مێژووی گشتیی شۆرشی ئەیلول نەدەم ، چونکه ئەوه بەشێکه بۆ ئەوه ناشێ دەستی لێهەلّبگیرێ و رەوتی کتێبەکەش وا پێویست دەکا و مەبەستی کاکلەی کتێبەکەشم دەیسەپێنێ بەسەرمدا .

## نەساغی بارزانی

### سەرەتاکان

له دوا مانگەکانی شۆڕشدا بارزانی گلەیی له ئازاری لاقی ڕاستی دەکرد ، هانمان دەدا سەر له دکتۆر بدات , لەگەڵ دکتۆر محمود عوسمان چوو بۆ تاران و لەوێ پشکنینێکی ناجێیی (غیر سریری) یان کرد و هەندێ دەرمانیان دایه.

پاش چوونی باوکم بۆ ئێران که له یادمه له هەفتەی یەکەمی نیسانی (1975) بوو,دایکم به من و ئیدریسی برامی ووت کەوا باوکم تووشی نەخۆشییەکی پڕمەترسی بووه و ئەو ئازاره سەختەی که له سنگ و پشتیدا هەستی پێ دەکا ناهێلێ خەو بچێته چاوی و لەبەر سەختی ئازاری جارێك له هۆش خۆی چووه.

ئەوە شتێکی بە تەواوی چـاوەڕوان نـەکراو بـوو , لـە بـارودۆخێکی وادا ئێمـە هۆشمـان لای خۆمان نەما و بڕیارمان دا بیٚ پێچوپەنا قسە لەگەڵ باوکم بکـەین , بـەلاٚم ئـەو پرسـەکەی بـە سووك و ئاسان بۆمان پێشان دا و , ووتی:

– مەسەلـەکە گرنگ نییە و پێویست بە دڵە ڕاوکیٚ ناکات , بەلاٚم مەسـەلـەکە بـە پێـچەوانەی ئەوە بوو کە ئەو دەیوت,نیشانەی تێکچوونی تەندروستی بە ئاشکرا دیار بـوو,ئیدریـسی بـرام بەر لـەوەی لـەگەڵ باوکم بچیٚ بۆ تاران, ڕاسپارد و پێم ووت:

هەوڵ بدە پیشانی دکتۆر بدریٚ و چەند پشکنینێکی بۆ بکریٚ.

ئەویش هەر ڕاو بۆچوونەکەی منی هەبوو , پاش ئەوەی گەیشتە پایتەختی ئێران و مـن هێـشتا هەر لـە نەغەدە بووم زانیم باری تەندروستی ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر ئەبێت بـەلاٚم لـەلای خۆیـەوە ڕازی نەدەبوو دکتۆری ئێرانی پشکنین و چارەسەری بکەن و , هەرچەندیش من و ئیدریس و زۆر کەسی تریش لـەم ڕووەوە تکامان لێکرد هیچ سوودی نەدەبوو و بە گوێی نـەدەکردین و هەرچی هەوڵـمان دا هەمووی بە باچوو.

لـەڕێگەیەك زیاترمان لـەبەردەمدا نەمایـەوە , ئیدریـسی بـرام داوای کـرد ڕێگـەمان بـدەن بـۆ چارەسەر بیبەین بۆدەرەوە یەکەم جار کە داوامان کرد بە دەنگمانەوە نـەهاتن پاشـان زانیمـان سەرچاوەی نەهێشتنەکە وولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە هۆیەکەشـی بـۆ ئـەوە دەگەڕایـەوە بەڕێوەبەریەتیی ئەمەریکا دەترسا بارزانی بوونی خۆی لـە دەرەوە بە هـەل بزانـیٚ و وردەکـاری ئەو پیلانەی بۆ کوژاندنـەوەی ئـاگری شۆڕشـەکەمانیان سـازکردبوو لـە ڕێگـەی هۆیـەکانی ڕاگەیاندنەوە بخاتە ڕوو و پەردەی لـە ڕوودا هەڵـماڵیٚ و بە پەنجە ئاماژە بـۆ ئەوانـە بکـات کـە تێیدا بەشدار بوون سەرەنجام پاش هەندیٚ هێنان و بردن ڕێگەیان دا باوکم بچێتە دەرەوە بەلاٚم بۆ ئەوروپا نا بۆ وولاٚتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و هەر ئەوێـشیان بـۆ دیـاری کـرد,بـارزانی ئارەزووی وا نەبوو , پاش ئەوەی ڕووی دا حەزی لـەوە نەبوو بچیٚ بۆ ئەمریکا, بەلاٚم دەرفەتی هەڵبژاردن لـە دەستدا نەبوو , باری تەندروستیشی وا نەمابوو کە جەخت لـەسەر چوون بۆ ئەو شوێنە بکا کە دەیەویٚ بۆی بچیٚ , لـەسەرەتای ئەیلولی (1975) دا پرسی چوونی بـاوکم بـۆ

وولاّتــه یــەکگرتووەکانی ئــەمریکا لەڕێگــەی ڕێکــەوتنی ســاواکی ئێرانــی و دەزگــای ciaئەمریکاییەوە ڕێك خرا بە مەرجێ چـاووی بـە هـیچ ڕۆژنامەنووسـێك نەکـەوێ و داوای چاوپێکەوتنی هیچ بەرپرسێکی بەڕێوەبەریەتیی ئەمریکا نەکات .

## سەردانی دەرەوە

عەلی خلیل خۆشەوی و شەفیق قەزاز و ئەفسەرێکی ساواك کە ناوی جەمـشیدی ئـەمانی بـوو لـەگەلّ باوکم سەفەریان کرد و هەرکە گەیشتە جێ باوکم برا بۆ نەخۆشخانەی مایۆکلینیك لە شـاری ڕۆچشـستەر لــە ویلایـەتی مینیـسۆتا و لــە ئـەنجامی پـشکنینەوە دەرکـەوت تووشـی هەلاّوسانێکی شێرپەنجەیی بووە لە سیدا و نەخۆشییەکەی لە قۆناغێکی پێشکەوتوودایە و هـیچ هیوایەکی چاك بوونەوەی نییە.
ئەوە هیچ مایەی سەرسوڕمانم نەبوو کەوا لایەنە ئەمریکایی و ئێرانییـەکان ئـەم هەواڵـە بـە پـێ خۆشحالّییەوە وەرگرن,هەوالّی وا دیارە مژدەی نەمان و لاچوونی ئەو دلّە ڕاوکەیەی پێیە کـە بوونی بارزانی بە چالاکی لە گۆڕەپانەکەدا تووشی ئەوانی دەکا.
بارزانی ئەم هەوالّەی بە ئارامییە ئاساییەکەی خۆیەوە وەرگرت و داوای کرد من یان ئیـدریس بێین لەلای بین.
من زۆر ئارەزوومەندی دیداری بووم , من هەلّبژێردرام بچم بۆ لای چونکە کە لە تاران بـوو تا دوا ڕۆژی لەوێ ئیدریسی لەگەلّ بوو منـیش لــە دابەشـکردنی کاروبـار و خـستنە کـاری ڕێکخراوەکان بووبوومەوە و کۆسپەیەك لە ڕێگەمـدا نـەبوو نـەهێلّێ بـڕۆم چـاوم بـە بـاوکم بکەوێ کاروباری ڕێکخستنەکان بە کاك ئیدریس سپێردرا. لــە (10)ی ئەیلولــدا بـۆ یەکـەم جار پێم نایە خاکی ئەمریکاوە بگرە لە پاش نسکۆوە ئەوە یەکەم دەرچوونم بـوو بـۆ دەرەوەی کوردستان هەموو گیانم سۆز و ئارەزوو بوو بۆ گەیشتن بە بـاوکم , سـۆز و ئارەزوویـەکی وا لە باسکردن نایەت.

وەك پێشتریش ووتم ,کە لە تاران بووم زانیبووم چەند دکتۆرێك فەحسی باوکمیان کردبوو بەڵام ئەنجامی فەحسەکەم پێ نەگەیشتبوو بۆیە لە باری دەروونییەوە ئامادە نەبووم ئەنجامی فەحسی دکتۆرە ئەمریکاییەکانیش وەرگرم.

## چوونم بۆ لای بارزانی

ڕێگەم بۆلای باوکم لە ئەمریکا لە تارانەوە دەستی پێکرد بۆ نیویۆرك کە بە چواردە سەعات فڕین بە بە باڵە فڕێ گەیشتین لەوێشەوە بۆ شاری لۆس ئەنجلۆس کە باوکم لەوێ دادەنیشت و بە نزیکەی پێنج سەعات فڕین گەیشتینە ئەوێ من ئاگاداربووم باوکم پاش لێبوونەوە لە فەحسەکانی خراوەتە ژێر خولێکی چارەسەری سێ هەفتەیی بە کیمۆسرایی و پاشان دەگەڕێتەوە بۆ فەحسکردنەوەی دکتۆر لە مایۆکلینیك.
دەستبەجێ چووم بۆ ژوورەکەی عەلی خلیل , شەفیق قەزازیشی لەگەڵ بوو نیشانەی خەمباری بە ئاشکرا بە سیمایانەوە بە ئاشکرا دیار بوو یەکەم شت کە لە نائاساییەتیی دیدارەکە بە زەینمدا هات ئەوە بوو ئەو خەمگینییەی ئەوان لە ئەنجامی بارودۆخی گشتی خۆمان و ئەو حاڵەی گەلەکەمانە کە لە دوای نسکۆوە دەیچێژێ , هەواڵی باوکم لێ پرسین ؟ وتیان لە گەرماوە,داوام لێکردن شتێکم لە بارەی ئەنجامی فەحسەکانی و چۆنیەتیی چارەسەرکردنییەوە بۆ بگێڕنەوە,کەچی دایانە پڕمەی گریان,منیش خۆم پێ نەگیرا و تەزوویەکی وەك ئفلیج بوون بەسەرتا پێ ی لەشمدا هات و خوێن لە دەمارەکانمدا وەستا,لێم پرسین : چی ڕووی داوە ؟ چی بووە ؟
زیاتر دایانە پڕمەی گریان,لەم ڕستەیەم بەو لاوە لێیان دەستگیر نەبوو:
– سەبرکە تا باوکت دێت.
هەر کە لە گەرماوەکە هاتە دەرەوە چووم بۆ لای , بە سەرسامییەکەوە لە بەردەمیدا وەستام , زمانم گیرا و وشەیەکم لە دەم بۆ نەهاتە دەرەوە,ئەو بنیادەمەم لە بەردەممدا نە دەدی کە

هەمیشە خووم بە دیتنیەوە گرتبوو, وەك كەسێكی تر هاتە پیش چاوم كە نەخۆشیەكی سەخت پرزەی لێ بڕیبێ و لەڕولاواز بووبێ و چارەسەركردن ڕەنگ و ڕووی گۆڕیبێ و چرچولۆچی ئەوەندە خستبێتە دەمووچاوی كە دیمەنی جارانی نەهێشتبێ و ڕەشی مووە پڕەكەی سەری بە هۆی چارەسەرەوە سپی بوو بێ.

تێ گەیشت لە چ حالێكدام زوو بە ڕاشكاوییە بێ ناسراوەكەی خۆی پێی ووتم :

– كوڕم دەبێ باوەڕت بەوە هەبێ كە مەرگ ڕێگەی هەموو كۆمەڵی ئادەمیزادە و وە نەبێ تەنیا بۆ پیر بێ و گەنج نەگرێتەوە نە بەستراوە بە ساغی و نەخۆشییەوە ئەگەر قەزا و قەدەر بڕیارێكی دا بەری لێ ناگیرێ و دوا ناخرێ.

ئەنجا ئەو ئایەتەی قورئانی خوێندەوە كە دەفەرمووێ (ولكل امة اجل , فأذا جاء أجلهم لا يستأخرون ساعة ولا يستقدمون ), هەموو ئوممەتێ ئاكامێكی تایبەتی هەیە كە ئاكامیان هات نە سەعاتێ دوا دەخرێن و نە سەعاتێ پێش دەخرێن.

چەندی پێ كرا هەوڵی دا باری مسیبەتەكەم لەسەر دڵ سووك بكات.

## دكتۆرە چارەسازەكانی مایۆ

بەم بۆنەیەوە دەمەوێ ناوی ئەو دكتۆرانە بهێنم كە سەرپەرشتیی چارەسەركردنی بارزانییان دەكرد لە پێش هەموویانەوە ناوی دكتۆر ماكفرسنی سەرۆكیان و دوكتۆر كاڕ و دوكتۆر ئیگان دەهێنم ئەم دوكتۆرانە لە ناسنامەی ڕاستەقینەی بارزانی ئاگادار نەبوون و لایەنە ئەمەریكاییەكان بە ناوی خۆیەوە نەیاندابووە دەستی دكتۆرەكان تەنیا وەك میوانێك دەیانناسی كە بایەخێكی تایبەتی لەلایەن بەڕێوەبەریەتیی ئەمەریكاوە پێ دراوە بەڵام دوكتۆر ماكفرسن پاش ماوەیەك ناسنامەی بارزانی دۆزییەوە وا دیار بوو دوكتۆر یەكێك بوو لە خوێنەرانی گۆڤاری بە ناوبانگی جیۆگرافیای نیشتیمانی: the national geographic (magazine) ئەو وێنەیەی بارزانی كە ڕاپۆرتێكی ڕۆژنامەوانیی وێنەداری درێژی یەكێك

لەو نوسەرانەی سەری لە کوردستان دابوو و وەك لە یادمە لە ژمارەی ئاداری (1975) ی گۆڤارەکەدا بلاّو کرابووەوە سەرنجی دوکتۆر ماکفرسنی ڕاکێشا بوو کە دەق وەك ئەم نەخۆشەی بەر دەستی ئەو وایە.
ئەو ژمارەیەی گۆڤارەکەی هێنا بوو و لە ناو دوکتۆر و کارکەرەکانی نەخۆشخانەکەدا دەستا و دەستی کردبوو و لەگەڵ ئەوەش کە ئەو دەسەلاّت بە دەستە ئەمەریکییانەی کاری بارزانییان بە دەست بوو مەبەستیان بوو ئەوە بشارنەوە ئەم نەخۆشە کێیە ئەمە کەسایەتیی ڕاستەقینەی ئەم مرۆیەی بۆ دەرخستبوون کە ئەوان چارەسەریان دەکرد بەلاّم بە هەر حاڵ بەڕێوەبەرییەتی نەخۆشخانەکە و ئەوانەش کە کاریان تێدا دەکرد هەر لەسەرەتاوە دەیانزانی ئەم پیاوەی ئەوان بە ڕاسپێرییەکی ڕەسمی بە چارەسەرکردنیەوە خەریکن کەسێکی خاوەن پایەیە.
هەر چۆن بێ دۆزینەوەی ناسنامەی بارزانی بەم ڕێکەوتە جۆرە هستیریا و ئاڵۆزییەکی لە ناو نەخۆشخانەکەدا بەرپا کرد ئەنجامەکەی ئەوەبوو قەدر لێ گرتن و پێوەخەریکبوونی بارزانی لە ناو دەوروپشتەکەیدا زۆرتر بیێ دوکتۆر ماکفرسنیش داوای لە بارزانی کرد وێنەیەکی خۆی بۆ ئیمزا بکا تا بۆ یادگار هەڵی بگرێ بارزانیش بە پێخۆشحاڵییەوە بۆی ئیمزا کرد.
پزیشکەکان دووپاتیان کردەوە کەوا وێڕای پابەندبوون بە ڕەچاوکردنی خولی چارەسەر بە دەرمان دەبێ پشکنینی مانگانەشی بۆ بکرێت لە هەمان کات دەزگای ساواك ئەفسەرە یاوەرە ئێرانییەکەمانی ئاگادار کرد کە دەبێ بگەڕێینەوە و گوتیان چارەسەر تەواو بووە و پێویست بە مانەوە ناکات.

## سیسکۆ سەر لە بارزانی دەدات

یەکێك لەوانەی لەو سەردەمەدا سەریان لە بارزانی دا جۆزیف سیسکۆی یارمەتیدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هنری کیسنجەر بوو لە یادمە سیسکۆ داکۆکی لە هەڵوێستی

حکوومەتەکەی خۆی لە ئاستی شۆڕشەکەماندا دەکرد و جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کـاوا کۆشکی سپی هیچ دەستێکی لە دەرهێنانی شانۆگەریی ڕێکەوتنەکەی جـەزائیری (1975) دا نەبووە بارزانی ئەم سـەردانەی سیـسکۆی بـە هـەل زانـی بـۆ ئـەوەی لـە دەروونیـدا پـەنگی خواردبووەوە هەڵبڕێژیّ هەندیّ لە قـسەکانی ئـەم سیاسـەتمەدارەم لـە یـادە کـە بـە بـاوکمی ووتن:-

(جەنەراڵ , لێت ناشارمەوە تۆ بەر لەوەش کە لێرە بتبیـنین پایـەو ڕێزێکـی مـەزنت لای ئێمـە هەبووە ئێستەش پاش ئەوەی کە پێت گەیشتین و لەگەڵت دانیشتین قەدر و پایەت لامـان دوو هێندە بووەوە چونکە وامان لێ چاوەڕوان دەکردی داوای شتێکمان بۆ خۆت لێ بکەی کەچی بە پێچەوانەوە دیمانی تەنیا داخوازییەکانی گەلەکەتمان لێ داوا دەکەی و هـیچ بـۆ خـۆت داوا ناکەی).

لە ڕێگەی چەندین هۆی جیاوازەوە ویـستمان لـە جیـاتی ئـەوەی بگەڕێینـەوە بـۆ ئێـران لـە ئەمەریکاوە بگوێزینەوە بۆ ئەوروپا و لـەوێ درێـژە بـە چارەسـەرکردنەکانی بـاوکم بـدەین و ئەوەشی بۆ دابین بکەین کە لەژێر چاودێری بەردەوامی پزیـشکدا بـێ بـەلاّم هـەموو هـەوڵ و تەقەلاکەمان بەفیڕۆ چـوو چـونکە دەوڵەتـە ئەوروپاییـەکان لـەو سـەردەمەدا ئامـادە نـەبوون پێوەندی خۆیان لەگەڵ هیچ کام لە دوو ڕژێمی ئێران و عێراق بکەن بە قوربـانی و پێـشوازی لە بارزانی بکەن.

دەستمان لە بنی هەمانەوە دەرچوو لە (10) ی تشرینی دووەمـی (1975) دا گەڕاینـەوە بـۆ ئێران بارزانیش هەر بەردەوام بەپێی ڕێنوێنییەکانی دوکتۆرە ئەمەریکاییـەکانی بـەڕێوە دەچـوو ئێمە هەستمان بەوە دەکرد کە تەندروستیی باوکم لە سایەی ئەو خولی نوێی چارەسـەرەوە کـە بۆی دانرابوو بە ئاشکرا بەرەو باشی دەچێ بەلاّم لـەپڕ بـەهۆی کۆچـی دوایـی شـێخ بـابۆی برایەوە لە 15 ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا تەندروستیی تێك چووەوە.

بارزانی لەگەڵ ئەوەش کە چەند ڕەق و پۆلایین بوو و چەندی هێزی ویست هەبوو بـاری ئـەم کۆستەی پێ هەڵنەگیرا خۆشەویستییەکی تایبەتیی بۆ ئەم برایەی هەبوو و بگرە خۆشەویستترین

مرۆیەکی دڵی بوو ئیتر باری تەندروستیی ڕووی کـردەوە کـزی و ئێمـەش داوامـان کـردەوە ڕێگەمان بدەن بگەڕێتەوە بۆ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ بەردەوامی چارەسەرکردنی.

## هەڵوێستی دەزگاکانی هەواڵزانیی (ئەمەریکا و ساواك و پاڵە پەستۆیان)

لـە سەرەتادا هیچ بە دەنگەوە هاتنێکمان لـە ساواك یا لـە ئاژانسی هەواڵزانیی ئەمەریکاوە نەدی دەستیان کرد بە کۆسپ و تەگەرە هێنانە ڕێمان دەسەڵاتدارانی ئێران لـەوە دەترسـان بـارزانی کـەڵك لـە بـوونی خـۆی لـە ئەمـەریکا وەربگـرێ و قـسەی وا بـۆ ڕۆژنامـە و گۆڤـار و تەلەفزیۆنەکان بکات کە بەدگۆیی بە ئەمەریکا تێدابێ یا چالاکییەکی سیاسی یـا ڕاگەیانـدنیی بنوێنێ لـەگەڵ بەرژەوەندی ئێراندا نەیەتەوە.
لـە دوا هەوڵمان بۆ هەنگاونان بەسەر ئەم کۆسپ و تەگەرانەدا پێوەنـدیمان بـە خوالیێخۆشـبوو مامۆستا محمد سەعید دۆسکییەوە کرد و پرسەکەمان تێ گەیاند ئەویش بەش بـە حـاڵی خـۆی پێوەندی بە دوکتۆر ماکفرسنەوە کرد دوکتۆر ماکفرسنیش دەستبەجێ نامەیـەکی نووسـی بـە توندی ڕای سپارد کەوا پێویستە بارزانی بگەڕێتەوە بۆ وولاتـە یـەکگرتووەکانی ئەمـەریکا بـۆ نەخۆشخانەکەی ئەو بۆ تەواو کردنی چارەسەر.
دۆسکی کە ڕاپۆرتەکەی دوکتۆر ماکفرسنی وەرگرت پێوەندی بە دۆستانی کورد لـە ئـەمریکا کرد لـەوانەی کار دەکەنە سەر کۆڕو کۆمەڵە ڕەسمییەکان وەك جۆرج مینیی سەرۆکی یـەکێتی سەندیکاکانی کرێکارانی ئەمەریکا کە دەسەڵاتێکی بەر بلاوی هەیە و پێوەندی بە سەناتۆری بە ناوبانگ هنری جاکسن و سەناتۆر دیك سـتۆنی برادەریـشیەوە کـرد هـەروەها پێوەنـدی بـە هەندێ لـە ڕۆژنامەنووسە بە ناوبانگەکانی وەك ولیام سافایریشەوە کـرد لـەوانـەی کـە پـشتی پرسی کورد دەگرن ئەمانە هەموویان وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریکایان ئاگـادار کـردەوە کـەوا ئەگەر بێتو ڕێگەی بارزانی نەدا بێتەوە بـۆ وولاتـە یـەکگرتووەکان و ڤیـزەی هاتنـە نـاوەوەی نەداتێ پەردە لـە ڕووی ئەو هەڵوێستەی هەڵدەماڵن و بە جیهانی ڕادەگەیەنن.

لـه ئەنجامی ئەم هەموو پاڵەپەستۆیەدا بەڕێوەبەرییەتی ئەمەریکا ناچار بوو ڕێی بارزانی بدا بێتـەوە بۆ ئەمەریکا بەمەرجێ تا لـە ئەمەریکا بە هیچ دیدارێکی ڕۆژنامەوانی نەکا و هـیچ چـالاکییەکی سیاسی نەنوێنێ هەموو ئەمە بە تەکبیر و ڕێککەوتنی شا و کیسنجەر بوو لـە ناو خۆیاندا.

## گەڕانەوەی بارزانی و دەست پێکردنەوەی چارەسەرکردنی

بارزانی گەڕایەوە بۆ وولاّتە یەکگرتووەکان و منیشی لـەگەڵ بووم جەختکردنی بـاوکم لـەسـەر ئەوەی منیشی لـەگەڵ بێمەوە بۆ ئەمەریکا بۆ زیاتر پێوەندی باوك و کوڕی یا ئەوە دەگەڕایـەوە کە من پایەیەکی تایبەتیم لای ئەو هەبێ باوکم بەو پیلان و فڕوفێلاّنە حەسیا بوو کـە دەزگـای ئاسایشی ئێرانی کە ئاگای لـە چالاکییەکانم بوو لـە بواری ڕێکخستن سازیدا بۆی ساز دەکردم ئەمەش لەو بارودۆخەی ئەو ڕۆژانەدا گەلێ لـە ژوور سۆزی سروشتیی باوکایەتییەوەیە.
دەزگای ساواك بە هۆی خەفیە و نۆکەرەکانیەوە بەوەی زانیبوو ئێمە هـەڤاڵان جەوهـەر نـامیق سـالم و کـەریم شـنگاریمان بـە مەبەسـتی دەسـتدانەوە چـالاکی نوانـدن و دەسـتکردنەوە بـە ڕێکخستن سازی ناردوونەتەوە بۆ کوردوستانی عێراق پاشان ئەندامانی چالاك عارف تـەیفوور و حەمە ڕەزاش لـە نەغەدە گیران و هەندێ بەڵگە کەوتە بەردەست ساواك کە ئـەو بەڵگانـە و هی تریش دەیگەیاندنە لای من.
بۆ جەختکردنیش لەسەر ئەم ڕاستییە باسی ئـەوە دەکـەم کـاتێ جەنـەڕاڵ نەسـیریی سـەرۆکی ساواك لەسەر لێدانی مالاّوایی کردنی باوکم تەواو بوو بەر لـە ڕۆیشتنمان بۆ ئەمەریکا دەستی بۆ تەوقەکردن بۆ هەموو ئەوانە درێژ کرد کە لەوێ بوون تەنیا من نـەبێ و منـی بـوارد, بـەو کردەوەیەی دەیویست ئەوە دەربڕێ چەند لـە من بێزارە یان بەڵگەیەك پێشان بدا کەوا ئاگـای لێیە چ چالاکییەك دەنوێنم.
لـە (19ی حوزەیرانی 1976 ) دا باڵە فڕ هەڵی گرتین بۆ نیویۆرك و لـەوێوە بۆ نەخۆشخانەی مایۆکلینیك ئەمجارە مامۆستا محمـد سـەعید دۆسـکیش ڕێگـەی درابـوو لـەگـەڵ بـارزانی بـێ

هەروەها سەرەڕای من ڕێگەی کاك موحسین دزەیی و دوکتۆر نەجمەدین کەریمیش درابوو لەگەڵی بن دەسەلاَتی ئاسایشی ئێرانیش عەقیدی ساواك جەمال موبینیی خستە تەکمان.

## چاکبوونێکی لە پڕی چاوەڕوانی نەکراو

پاش پشکنینی بارزانی نیشانەی سەرسامی و سەرسوڕمانم بە ناو چاوی دوکتۆر ماکفرسن و دوکتۆرەکانی ترەوە خوێندەوە لە ناو چاویاندا هەستم بەوە دەکرد سەیریان لێ دێ و مژدەیان لەسەر دەمە چونکە باری تەندروستیی باوکم چاکبونێکی گەورەی بەسەردا هاتبوو من خۆشم هەستم بەو چاکبوونەی دەکرد لە دوکتۆر ماکفرسنم پرسی:-

- ئێوە چاوەڕوانیی شتی واتان دەکرد؟

وەلاَمی بە (نە) یەکی بێگومان دایەوە و وتی:-

- ئەوەی من چاوەڕوانیم دەکرد ئەوە بوو حاڵی خراپتر بێ ئەوەی بە پێی تاقیکردنەوەی خۆم بۆم دانابوو لە چوار مانگ تێ نەدەپەڕی ئەوەی ئێستە دەیبینم زیاتر لە پەرجوو دەچێ.

ڕای دوکتۆرەکان هاتە سەر ئەوەی چەند خولێکی یەك لە دوای یەکی چارەسەری بە کیمۆسراپی بۆ ماوەی شەشە مانگی تر بدرێتێ.

پاش ئەوەی ساواکیش و دەزگای (cia)یش هاتنە سەر ئەوەی دەبێ بارزانی بگەڕێتەوە بۆ ئێران دۆسکی بەپەلە ئەو دۆستانەمانی ئاگەدار کرد کە پێشتر باسم لێکردن و تێی گەیاندن کە ساواك و دەزگای هەواڵزانینی ناوەندی خەریکن بمانگێڕنەوە بۆ ئێران ئەوانیش نامەیەکیان بۆ سەرکۆماری ئەمەریکا نووسی ڕق و ناڕازییەتیی خۆیان لەو هەنگاوە دەربڕی وا دیارە نامەکە کاری خۆی کردبوو سەرەنجام بڕیار درا بارزانی بمێنێتەوە لە هەمان نەخۆشخانەدا چارەسەری خۆی وەرگرێ بە مەرجێ لەسەر حیسابی خۆمان بێ.

عەقید موبینی بڕیارەکەی بە سەرچاوەکەی خۆی ڕاگەیاند پاشان دەرکەوت نامەیەك لە دەرباری شاوە بۆ باڵیۆزخانەی ئێران هاتووە بە توندی داوای ئەوە دەکا دەبێ بارزانی

بگەڕێتەوە و لەهەمان کاتیشدا گفتی ئەوە دەدا هەر کاتێ پێویستی بە چارەسەر وەرگرتن بوو ڕێگەی هاتنەوە ئەمەریکای لێ نەگیرێ و هەموو ئاسانکارییەکی بۆ دەستەبەر بکرێ و هەموو کۆسپەیەکی لە ڕێگەدا هەڵگیرێ.

لە کاتێکدا من خەریکی دانی کرێی ئوتێل بووم ئاغای موبینی لە باڵوێزخانەوە گەڕایەوە و ناوەڕۆکی نامەکەی شای بە باوکم گەیاند کە منیش لە کارەکەی خۆم بوومەوە و گەڕامەوە سەیر دەکەم موبینی ڕووی گرژبووە و لە حاڵەتێکی تووڕەییدایە دەستبەجێ لێم پرسی: چی قەوماوە ؟ وتی: باوکت جنێوی بە خاوەن شکۆدا من لەوە دڵنیا بووم باوکم هەرگیز قسەی ناشرینی بە دەمدا نایەت بەپەلە چووم بۆ لای باوکم بزانم مەسەلە چییە و لێم پرسی, وتی:

– نە جنێوم داوەتێ و نە قسەی سووکم پێ ووتوە بەلاّم بە پەڕاوێزی نامەکەی لە شاوە هاتبوو و موبینی بۆی خوێندمەوە, وتم : خاوەن شکۆ ڕاست نافەرموویێت !

پاش چەند ڕۆژێك موبینی بانگ کرایەوە بۆ ئێران و گەڕایەوە.

جیا لە من کاك موحسین دزەیی و مامۆستا محەمەد سەعید دۆسکی لەگەڵ بارزانی بوون دوکتۆر نەجمەدین کەریمیش لێمان جوێ بووەوە و چوو بۆ لەندەن خێزانەکەی بهێنێ.

ماڵێکمان لە واشنتۆن بە کرێ گرت هەموو مانگێکیش بۆ وەرگرتنی خولێکی چارەسەر بە کیمۆسراپی دەچووین بۆ نەخۆشخانەکەی مایۆ ئیتر هەستمان دەکرد باوکم مانگ بە مانگ لە یەکبینەوە بەرەو باشی دەچوو کە پێمان نایە ساڵی (1977) چارەسەر و دەرمانیان لێ بڕی بەلاّم پشکنین لە وادەی ڕۆتینی خۆیدا بەردەوام بوو.

## پێوەندییەکانی باوکم لەگەڵ هەندێ لە سیاسەتوانانداا

لەو ماوەیەدا پێوەندییەکی باش و پتەوی باوکم بە تاقمێك سیاسی و ڕۆژنامەنووسانی ئەمەریکاییەوە گەشەی کرد یەکێك لەوانە پێشەوای سەندیکایی جۆرج مینی بوو کە زووتر ناویمان هێنا هەروەها کێر کلاندی بریکار و وەزیری پێشوو شلزنگر و ئەندامانی ئەنجوومەنی

پیرانی ئەمەریکا دیك ستۆن و هنری جاکسۆن و جیمس ئەبوو رزق و پـیر هیـۆبرت هـەمفری کە پاڵێوراوی سەرکۆمارەتی بوو لـە ناو ڕۆژنامە نووسانیشدا ولیەم سافایر و جاك ئەندرسـن و دۆستی کۆنی باوکم دانا ئادەم شمیدتی خاوەنی کتێبی (گەشتێ بۆ لای پیاوانی قارەمـان) جگـە لـە ژمارەیەکیش لـە باڵوێزان و دیپلۆماتکارانی خانەنشین و ئیـشکەری وەك جـیمس ئێکنـز و ولیام ئیگلتن و بەرپرسی بەشی کەنداو لـە وەزارەتی دەرەوە مۆریس درێپر کە سەرسامی خۆی بە بارزانیی لـەکەس نە دەشاردەوە ئەم پیاوە لـە سنووری دەسەڵاتی خۆیدا هەوڵی دەدا چەندی پێ بکرێ یارمەتیی بدا.

شان بە شانی ئەو پیرانـەی نـاوم هێنـان هەنـدێ پـیری تـر و هەنـدێ ئەنـدامی دەرکـەوتووی کۆنگرێسیش هەبوون وەك لە یادیشمە هیچ کام لـەمانە لـە نـەفرەت و بـەد پـێ وتـن بـەولاوە هیچیان بە کیسنجەر نەدەوت هەموویان ڕقیان لـە سیاسەت و شێوەی کاری کیسنجەر بوو لـە چارەسەرکردنی کاروباری وەزارەتی دەرەوەدا تەنانەت کاری یەکێك لـەمانە گەیشتە ڕادەیەك بە ئاشکرا ڕایگەیاند کەوا لـە ئاست بارزانی و گەلی کورددا خۆی بەشەرمەزار دەزانـێ بەرامبـەر بەو مامەڵە خراپەی کە بەرێوەبەریەتییەکەیان لـەگەڵیانی کرد پێوەندیمان لـەگەڵ ئەم سیاسەتوانانە و لـەگەل ڕۆژنامەوانیی ئەمەریکا هەمیـشە بـە پتـەوی مایـەوە زۆر جـاریش لێکۆڵینـەوە و بـە پەراوێزەوە نووسین لـەبارەی پرسـی کـورد و دەنگوباسـی بـاری تەندروسـتیی (سـەرکردەی شۆڕشی کوردیش) لـە ڕۆژنامەکاندا بلاو دەکرانەوە.

ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکام بەجێ هێشت و چووم بۆ سووریا هەر لـە پێشەوە بـیرم لـەوە کردبووەوە و بڕیارم دابوو و توانیمان بۆ یەکـەم جـار پێوەندییـەکی بـاش لـەگـەڵ دەسـەلات بەدەستانی سووریا دامەزرێنین نامەوێ لێرە بە درێژی باسی ئەم پرسە بکەم چونکە پێوەندی بـە کاری ئێمە لـە (سەرکردایەتیی کاتی)ییەوە هەیە و ئەوەش کاتێك باس دەکـەم کـە دەسـت بـە نووسین لـە بارەی شۆڕشی گولان دەکەم.

## ڕێکەوتێکی سەیر: کەوتنی شا

ساڵی( 1978 ) شا و ژنەکەی سەردانێکی ڕەسمییان بۆ وولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کرد ئەو کاتە حکوومەت بە دەستی پارتی دیموکراتەوە بوو و سەرۆکی دەوڵەت جیمی کارتەر بوو کە ئەویش دیموکرات بوو تەوەرەی سیاسەتی ئەمەریکا لەو سەردەمەدا بەدەوری مافەکانی مرۆڤ لە جیهاندا دەسوڕایەوە ئێرانیش یەکێك بوو لەو دەوڵەتانەی بە سیاسەتی سەرکوتینەوەی سیاسی و بیری و پشت بەستن بە زۆر و جەور لە ڕاوەدوونانی ئازادبیران و بەرهەڵستی کاراندا ناسرابوو جا بە بۆنەی ئەو سەردانەی شاوە و لەکاتی ئاهەنگی پێشوازی کردندا کە بۆ هەردوو میوان لە باخچەکانی کۆشکی سپیدا ڕێك خرابوو خۆپیشاندانێکی پڕ هەراوزەنا لەسەر شۆستەی سەر شەقامەکانی بەردەمی کۆشکی سپی ڕووی دا لەکاتی جێبەجێکردنی ڕێوڕەسمەکانی پێشوازی کردنەکەدا پۆلیس گازی فرمێسك ڕژێنی بۆ بلاوە پێکردنی خۆپیشاندەران بەکارهێنا کەچی گازەکە گەیشتە ژوورەکەوە و فرمێسکی لە چاوانی کارتەر و دوو میوانە ئێرانییەکەی و هەموو بانگکراوەکانی تریش هێنا ئەوە دیمەنێکی تاقانەی لەو جۆرە بوو ڕۆژنامەکان لێ ی نەگەڕان تا لەسەریان نەنووسی ، ئەمە بۆیە دەگێڕمەوە چونکە ژمارەیەکی زۆر لە خۆپێشاندەرەکان لە کوردە ئاوارەکان بوون کە بەشدارییان لەو خۆپێشاندانەدا کرد هەر کارێك و هەر چالاکییەك دژی شا بووایە ئێمە لامان وا بوو شایەنی بە بالاَ هەلّدان و قەدر لێزانینە و ڕۆڵەکانمان بێ هیچ دوو دلّی دەربڕینێك لەیەکەم هەلدا کە بۆیان ڕێکەوتایە بەشدارییان تێدا دەکرد.

سەردەمی شا زۆری نەخایاند تەنیا پاش چەند مانگێك خۆپێشاندانی میللی بۆ داوای ڕووخانی شا هەموو لایەکی ئێرانی گرتەوەو پاش ئەوەش کە ئیمام خومەینی لە عێراق دەرکرا و بە پەنابەر لە پاریس وەرگیرا ڕووداو زۆر بەپەلە بەسەر دەچوون خۆپیشاندان وەرگەڕاو بوو بە شۆڕشێك وولاتەکەی هەموو بە پانی و بە درێژی تەنییەوە و خەڵکەکە داوای سەری شایان دەکرد شا ناچاری کۆچکردن و بەجێهێشتنی ئێران بوو وەك چۆن چارەکە سەدەیەك لەوە و

پێشیش هەروا ناچاری هەڵاتن بوو بەڵام ئەمجارەیان ئەمەریکاییەکان ئامادە نەبوون هەوڵ بۆ گێڕانەوەی بدەن ئێمەش ئەندامانی پارتی و ڕێکخراوەکانی و کادیرەکانی پارتیمان ئاگادار کرد و ڕامان سپاردن هاوکاری لەگەڵ هێزە نەیارەکاندا بکەن و هیچ ڕەنجێکی خۆیان لە چالاکی شۆڕشگێڕانە دوانەخەن و کاری خۆیان لەگەڵ هێز گەلی نەیارەکاندا ڕێك بخەن یەکێك لە دیارترین ڕووەکانی هاوکاری ئەوەبوو ئەندامانی ئێمە هەرکاتێ داوایان لێ بکرایە مەشقیان بە شۆڕشگێڕە ئێرانییەکان دەکرد و فێری بە کارهێنانی چەکیان دەکردن بە تایبەتی لە شارەکانی یەزد و تەوریز و ئەراك و ڕەشت.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشیش سەدووقی لە یەزد و قازی تەباتەبایی لە تەوریز قەدرزانینی خۆیان لەم خزمەتانەی ئێمە دەربڕی.

## هاتنی کاك ئیدریس بۆ ئەمەریکا

کاك ئیدریس پێش شۆڕش هەوڵی ئەوەی دەدا حکوومەتی شا ڕێگەی بدات بڕوا بۆ ئەمەریکا بەڵام جەنەڕاڵ نەسیریی سەرۆکی ساواك کە ڕکی لێمان گەیشتبووە ڕادەیەك بیری لەوە دەکردەوە سەرجەمی ئەندامانی بنەماڵەی بارزانی بە خێزانی من و ئیدریسیشەوە لە ئێران بکاتە دەرەوە ڕێگەی نەدەدا بەڵام بەر لەوەی بتوانێ بڕیارەکەی جێ بەجێ بکا لەژێر پاڵە پەستۆی جەماوەردا لەسەر کارەکەی لابرا و کرا بە باڵیۆزی ئێران لە پاکستان ئەو کاتە کارەکەی ئیدریس ئاسان بوو و ئیزنی سەفەری وەرگرت.

لەسەرەتای تشرینی یەکەمی( 1978 ) دا کاك ئیدریس گەیشتە واشنتۆن.

کە لە سووریا گەڕامەوە و وەك جاران چوومەوە لای باوکم لەسەر دەستی کاك موحسین دزەیی دەستم کرد بە فێربوونی چێشت لێنان و خواردن ئامادەکردن ئەو کاتەی من لەوێ نەبووم ئەو ئەم ئەرکەی بەجێ دەهێنا وا دیار بوو من لە فێر بوونەکەمدا چاك پێش دەکەوتم و

بەجۆرێ فێری ئەم هونەری چێشت لێنانە دەبـووم مامۆسـتاکەم نەیـدەتوانی بەشـان و باڵـمـدا هەڵنەدا و ڕەزامەندی خۆی لەو چێشتانە دەرنەبڕێ کە من لێم دەنـان تەنانـەت زۆر جـاریش (بێ موجامەلە) دانی بەوەدا دەنا کە قوتابی لە مامۆستا باشتر فێر بووە پسپۆڕی لە هەڵبژاردنی ژەمی خواردن و ئامادەکردنی خواندا هـەبوو ئەگـەر بمانویـستایە ژەمـی سـەرەکیی ئـەو ڕۆژە گۆشتی برژاو بێ کارەکە بە دۆسکی دەسپێردرا چونکە زۆر لە گۆشت برژاندندا کارامە بـوو پلاوی برنج و شۆربا لێنانیش کاری یەکێکی ترمان بوو ئیتر بەم جـۆرە پـاش ماوەیـەکی کـەم عەزیز مەلا ئاکرەیش هاتە پاڵمان و هەندێ ئەرکی خزمەتگوزاری نـاو مـاڵ و قـاپ و قاچـاخ شوشتنی لەسەر شانمان لابرد کە نارەحەتترین ئەرکی سەرشانی هەموومان بوو.

## لە ڕێکەوتە سەیرەکان

لە یەکێك لە ڕۆژەکانی تشرینی یەکەمی( 1978 ) بە نیازی یـەکێك لـە سـوپەرمارکێتەکان لەگەڵ باوکم چوینە دەرەوە جگە لە من محەمەد سەعید دۆسکی و موحسین دزەییـشی لەگـەڵ بوون کاتێك بەبەشەکانی کۆگەکەدا دەگەڕاین پیاوێك و ئافرەتێکی لە سـنووری پـەنجا سـاڵی کە سیمایەکی ڕۆژهەلاتی دیاریان هـەبوو سـەرنجیان ڕاکێـشاین بـە تیلـەی چـاو بـۆ ئێمـەیان دەڕوانی و لە نێوان خۆیاندا بە زمانێکی وا قسەیان دەکرد ئێمە هیچی لێ تێنەدەگەیشتین بەلام من بە ڕۆشنی ناوی بارزانیم لە ناو قـسەکانیدا گـوێ لێ بـوو بەمەبەسـتی خـۆ دوورگـرتن و گومانی لە خۆوە داوام لە باوکم کرد ئەو و محەمەد سەعید وەلا کەون تا من و موحسین ئەو شتانە دەکڕین کە بۆی هاتبووین و زوو بچینە دەرەوە.

وامان کـرد و دەرچـووین کەچـی دەبیـنین ژن و پیاوەکـە لـە دەرگـەی سـوپەرمارکێتەکەدا وەستاون چاوەڕوانی دەرچوونی ئێمەن پاشان پیاوەکەیان بە چەردەیەك دوودڵییەوە لێمان هاتە پێشەوە و بەر لەوەی ئێمە هیچ بڵێین وتی :-

- دەتوانم پرسیارێك بکەم ؟

موحسین وەڵامی دایەوە : بەڵێ , فەرموو.

کابرا پرسی : ئەم پیاوە جەنەڕاڵ بارزانی نییە ؟

موحسین داوای لە کابرا کرد خۆیمان پێ بناسێنێ.

– تۆ کێیت ؟

پیاوەکە وەڵامی دایەوە : من (و ناوی خۆی وت) کوڕەزای ئەنترانیك پاشای ئەرمەنم هەر کە باوکم ناوی ئەنترانیکی بیست و زانیی ئەم پیاوە چی ئەوە گورج لێی هاتە پێشەوە و بە گەرمی لە باوەشی گرت کابراش کەوت بەسەر دەستی باوکمدا ماچی کرد ئەنجا لای کردەوە بەلای ئێمەدا و بە دەنگێکی لەرزۆك پڕ لە سۆزەوە پێی وتین :

– دەزانن ئەم پیاوە کێیە کە لە گەڵێدان ؟ ئەگەر بێ ئاگان و نازانن چۆن خزمەتی بکەن ڕێمان بدەن من و ژنەکەم شەرەفمەندی خزمەتکردنی ببین ئەگەر ئێوە قیمەتی ئەم پیاوەتان بۆ هەڵنا سەنگێنرێ ئەوا من بەڕاستی دەزانم نرخی چەندە.

سوپاسیمان کرد لەسەر ئەم هەڵوێستەی و ئەدرەسمان لێ سەند و ژمارەی تەلەفۆنیمان وەرگرت و ئیتر خۆی و ژنەکەی مالاوایییەکی گەرمیان لێ کردین.

هەر کە گەیشتینەوە ماڵەوە و لە جێ ی خۆمان دانیشتین و لەوپەڕی ئارەزووودا بووین بزانین ئەو پیاوە کێ بوو باوکم کەوتە ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە و ووتی :–

لەسەردەمی هێرشی تورك لە دژی هێز گەلی ئەرمەنییەکان کە لە سالانی( 1920–1921) بەسەرکردایەتیی ئەنترانیك پاشا لە پێناوی سەربەخۆییدا تێ دەکۆشان قەسابخانەیەکی گەورەیان بۆ ئەرمەنییەکان بەرپاکرد و کوشتارێکی زۆریان لێکردن لەو کاتەدا ئەنترانیك پاشا نامەیەکی

داوای بە فریاگەیشتنی بۆ شـێخ ئەحمـەد نـارد پاشمـاوەی هێزەکـانی ئـەنترانیك پاشـا گـەمارۆ درابوون و خۆشی ئەوەندەی نەما بوو بکەوێتە دیلیی هێزگەلی تورکەکانـەوە شـێخ ئەحمـەدیش دەست بەجێ هێزێکی پێکهاتوو لە(200)چەکداری بارزانی بەسەرکردایەتیی ئولی بـەگ نـارد و منیش نەفەرێك بووم لەو هێزە هێزەکەمان ناوچە گەلی خێلـەکانی ڕێکـانی و هۆرەمـاری و ناوچەکانی تری بڕی کە دەهاتنە ڕێمان کە لێشیان دەپرسین : بۆ کوێ دەچـین , ئێمـە شـوێن پەشێویمان لێ دەکردن و وەلامان دەدانەوە : بۆ لێدانی ئەرمەنییەکان دەچـین لـەو سـەردەمەدا حکومەتی تورك خەلکێکی زۆری بەوە هەلخەلەتاندبوو کە ئـەم شـەڕەی لـە دژی داخوازییـە نەتەوەییەکانی ئەرمەنەکانی دەکا شەڕی نێـوان موسـلمانان و فەلـەیـە و حکومـەتی تـورك بـۆ یارمەتیدانی ئیسلام شەڕ دەکا گەیشتینە ئەو ناوچەیەی بۆمان دیاری کرابـوو توانیمـان خێزانـە ئەرمەنییەکان لەو ناوچانە ڕزگار بکەین کە یەکێکیشیان خێزانـی ئـەنترانیك بـوو و بـێ تـرس گەیاندمانە سووریا و پاشان خۆمان لە ڕێگەی زاخۆوە گەڕاینەوە بۆ بـارزان (14)شـەهیدمان لەو شەڕانەی لە نێوان ئێمە و سوپای تورکیا ڕوویان دا لـە دەست چوون ئەم پیاوە کـوڕەزای ئەو ئەنترانیکیە و دەبێ ئەم بەسەرهاتەی لە باوکی و کەسوکاری بیستبێ.

## باری تەندروستی بارزانی خراپ دەبێ

لە قوبروس پێوەندیم لەگەل ئیدریسی برام کرد و لە بارەی تەندروستیی باوکمەوە لێم پرسـی ئەوەم لێ بیست کە دەترسام گوێم لێی بێ : وتی حالی زۆر خراپ بووە لـێم پرسـی : ئـاخۆ بە پێویستی دەزانی بێمەوە ؟ وتی : سەر لە مایۆ کلینیك دەدەین و ئەوجا بڕیار دەدەین.

پاش چـەند ڕۆژێـك ئیـدریس ئـەنجامی پـشکینینەکەی پـێ گەیانـدم : (دوکتۆرەکـان دەلـێن نەخۆشییەکە گەڕاوەتەوە و تەشەنەی کردووە و بەزۆر لای تری لەشـیدا بلاوبۆتـەوە دوکتـۆر ماکفرسنیش بە ئاشکرا پێی ووتم : چارەسەر ئیتر هیچی پێ ناکرێ هیچ چارەیەکی سەرکەوتوو

نییه) لەگەڵ ئەوەش کە پاش ئەم هەموو ئازار و ژانە دەمانزانی ئەنجامەکە چییە و چارەسەر ئەوەی پێ ناگێڕدرێتەوە کە ویستی خوا بڕیاری داوە سەرچاوەی خەفەتمان و ئەوەی سەرقاڵی کردبووین هەمووی لە بارەی ئەوە وە بوو کە پاش ئەوەی کە کاری خوا تەواو بوو چی پێویستە لەسەرمان بیکەین و ئارامگەی دواجاری لە کوێ بێ ؟ ئەوەتا ئێستا ئێمە لە وولاتی بیانین و هەزاران میل لە نیشتیمانەوە دوورین لە خۆمان بەو لاوە کەس شك نابەین پشتی پێ ببەستین گرفتی گەورەمان ئەوە بوو بارزانی خۆی ڕایسپاردبووین ئارامگایی هەمیشەیی لە خاکی بارزان بێ و ئەگەر نەکرا لە شنۆ لە پاڵ گۆڕی شێخ بابۆی برایدا بە گڵی بسپێرین ئەوەتاش بارزانی لە بارودۆخێکی دژواردا گیانی سپارد.

ماوەی پاش سەرکەوتنی شۆڕشی ئێران ماوەیەکی ئاڵۆزیی پڕ لە پشێوی سیاسی بوو مەڵبەندی هێز زۆر بوون حکوومەتێ – بەواتای ووشەی حکومەت – نەبوو فەرمان بدا و بە فەرمانی بکرێ ئاژاوە هەموو ئێرانی بە پانی و بە درێژی گرتبووەوە نەکەس هەبوو گوێ شل بکا و نەکەس هەبوو بڵێ : بەڵێ دەوڵەتەکەی شا بۆ هەتا هەتایە قلێپ بووە و قەدەر بڕیاری دابوو بارزانی بە چاوی خۆی ئەم دیمەنە ببینێ کە خەیاڵدوورترین کەس بە بیریدا نەدەهات بارزانی بەر لەوەی چاوەکانی بۆ یەکجاری دابخات ئاکامی ئەو کابرایەی بە چاوی خۆی دی کە هەرگیز جێگەی باوەڕ و متمانەی نەبوو و هەرگیز لە غەدری ئەمین نەبوو دوور لە کینە و ڕق بگرە بەهۆی بیرکردنەوە لە حوکمی سەیر و سەمەرەی قەزا و قەدەر هەموو بە جارێ بیرمان لەم سەرەنجامە دەکردەوە و ئەو پەندی پێشینانەمان دەوتەوە کە دەڵێ (اللـه يمهل ولا يهمل) ئیدریس و موحسین و محەمەد سەعید هەموو لەسەر ئەوە هاودەنگ بوون کە دەبێ بگەڕێمەوە بۆ تاران.

لەو سەردەمەدا پێوەندی بزووتنەوەی بەرەنگاری فەلەستین لەگەڵ حوکمی ئیسلامیی تازەی ئێراندا لە باشترین بارودۆخدا بوو بەهۆی بوونی بەڕێز هانی حەسەنی باڵیۆزی فەلەستینەوە

لای دەسەڵاتداریەتیی نوێی تاران هەرچی کار و پێویستییەکی گەڕانەوەم بۆ تاران هەبوو بە ئاسانی جێبەجێ کرا.

هەر کە گەیشتمە جێ بە تەلەفۆن پێوەندیم بە باوکم و بە ئیدریسەوە کرد لە ئیدریسەوە تێگەیشتم نەخۆشییەکە چەند بەلەشیدا بلاوبۆتەوە زمانم بەسترا نەمتوانی بەسەر سۆزی دەروونمدا زاڵ ببم دەستبەجێ چووم بۆلای بەڕێز هانی حەسەن بۆ هەڵسووڕاندنی کاروباری پێشوازی کردن لە تەرمەکەی بەڕێز موحەمەدی مونتەزیریی کوڕی ئایەتوڵڵا مونتەزیریش بە نوێنەری ئیمام خومەینی هات بۆ پێشوازی کردنی تەرمەکە.

## کۆچی دوایی بارزانی

هەر ئەو شەوە و دوای لێبوونەوە لە کارووباری خۆ ئامادەکردن بۆ پێشوازی لێکردنی تەرمی بارزانی هەواڵی کۆچی دوایی کردنی بارزانی لە نەخۆشخانەی جۆرج تاون گەیشت و گواستنەوەی تەرمەکە بوو بەمەبەستی ئەو کات و ساتە.

من دەمزانی بیستنی کۆچی دوایی بارزانی چەند لەسەر دڵی گەلی کورد گران دەبێ دەمزانی چ دەرد و خەفەتێك لە دڵ و دەروونی هاوڕێکانی خەباتی و هەموو ئەوانەدا بەجێ دەهێڵێ کە لەژێر ئالای ئەودا تێ کۆشاون من بە تایبەتی لەوە دەترسام ئەم هەواڵە ناخۆشە لەپڕە ئەنجامێکی پێچەوانە لەلای ئەوانەدا بەجێ بهێڵێ کە سەریان نەوی نەکرد و خۆیان نەدا بە دەستەوە و پەیمانیان دا کەوا هەر لە تێکۆشان بەردەوام بن و ئەمە بیانـدا بەدەست جۆرە نائومێدی یان ملکەچییەکەوە لەبەر ئەوە هەستام ئەم ڕاگەیاندنەم نووسی و بلاوم کردەوە کە تیایدا وتبووم :-

<u>(کۆچی دوایی بارزانی هەرگیز نابێ بە کۆسپ لە ڕێگەی درێژە پێدانی ئەو خەباتەی کە ئەو ئەرکەکەی لە ئەستۆ گرتبوو خەبات هەر بەردەوام دەبێ و ڕەوت هەر لەسەر ڕێبازەکەی ئەو</u>

دەبێ لە ڕاستیشدا هەر ئەمەیە خواست و ئارەزووی بارزانی ، باشترین بەڵگەی وەفاداریش بۆ یاد و بیرەوەریی ئەو ئەوەیە ئەو مەشخەڵی خەباتەی ئەو هەڵی گیرساند هەر بە هەڵگیرساوی بمێنێتەوە).

لەگەڵ چەندین ڕستەی تری هاندان و زات نانەبەر.

لە(4 ی ئاداری 1979) دا تەرمی بارزانی گەیشتە تاران پێشوازییەکی گەرم و گەورەی لێکرا کە بڕیاریش درا تەرمەکەی لەگەڵ بەرێکەرانیدا بگوێزنەوە بۆ شنۆ حکومەتی نوێ دەستبەجێ دوو باڵە فڕی بگوێزەوەی سوپایی لە جۆری شینۆك تەرخان کرد و خستیە ژێر دەسەلاتی ئێمەوە لە ڕۆژی پێنجەمدا تەرمی بارزانی لە گۆڕستانی شنۆ لە نێزیك ئارامگەی شێخ بابۆوە لەسەر ڕاسپێریی خۆی بە خاك سپێردرا.

خەڵکێکی زۆری لە ژمارە نەهاتوو لە کوردی ئێران و لە پەنابەرەکان لە بەرێکردنی تەرمی بارزانیدا بەشدار بوون هەروەها جەماوەرێکی فرەی کوردی تورکیا و سوریاش لە سنوور پەڕینەوە و هاتن بۆ بەشداری لە بەرێکردنی تەرمەکەیدا ئەوە تەرم بەرێکردن نەبوو خۆپیشاندانێکی نەتەوەیی بوو لە ڕوونترین واتاکانیدا ئێمە لەو سەردەمە لەوپەڕی پێویستیدا بووین بۆ ئەو جۆرە خۆپیشاندانە.

هەرگیز ناتوانم ئەو پیاوەتییە گەورەیەی حکوومەتی شۆڕش لە یادکەم کە ئیمام خومەینی سەرکردەی بوو هەروەها ناتوانم بەڕێزان کەریم سنجاوی و داریووشی فروهەر لە یادکەم کە وەزیر بوون لە حکومەتی بەڕێز مەهدی بازرگان و زۆر لە ئیمام خومەینییەوە نێزیك بوون هەروەها ناتوانم سۆزی برا کوردەکانی ئێران و بەشەکانی تری کوردستان و بە تایبەتی پەنابەرە خۆڕاگرەکان لە یادکەم کە بەم بۆنەیەوە پێشانیان دا.